لێ هەولێر ڤیزای وڵاتی چین بۆ هاووڵاتیان دەدرێت



لە سەری ساڵی نوێوە هەموو ئامادەکارییەکراوە بۆ پێدانی ڤیزای چین لە کونسڵخانەی هەولێر بۆ هاووڵاتیان.

بگوترێی ڕاگەیەندراوی پارێزگای هەولێر، ئەمڕۆ یەکشەممە، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، لە دیوانی پارێزگا، پێشوازی لە لیژن جیاجیان، کونسڵی گشتیی وڵاتی چین لە هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا، کە هەریەک لە سەرۆکی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەری ئەندازیاری پارک و باخچەکانی هەولێر ئامادەی بوون، کونسڵی گشتیی وڵاتی چین، ستایشی ئاو پێشکەوتن و ئاوەدانیی کرد کە لە هەولێری پایتەخت هاتووتە ئاراوە و ئاماژەی بۆدا لە هەولێر وەک شارێکی مێژووی و دێرین هەست بە ئاسودییەکی زۆر دەکەن، ئومێدیشی خواست ئاو دەستایێتیە لە مێژینەی نێوان کورد و چین و پێیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتەکەی لە هەموو بوارێکی (بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵی و گەشت و گوزاریی) پتڕی زیاتریان پێببەخشێت.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، لە تەوەرێکی تری دیدارەکەدا، جگە لە باسکردن لە ڕێکارەکانی پێدانی ڤیزای وڵاتی چین کە لەلایەن کونسڵخانەی ئاو وڵاتەوە، هەموو ئامادەکارییەکراوە لەسەری ساڵی نوێوە لە هەولێر کاروباری پێدانی ڤیزای چین لە کونسڵخانەی هەولێر بۆ هاووڵاتیان بدرێت، گفتوگۆ لە بارەی

پێژەی دروستکردنی پارکێکی گەورە کرا کە لە منزیکانە بەدیزاینێکی سەردەمیانە و لەسەر شێوازی چینی و بە رووبەری (15 هەزار مەتر چوارگۆشە) لەلایەن کونسخانەی چین و بە سەرپەرشتی پارێزگای هەولێر دەست بە دروستکردنی دەکرێت، بە ئەو مەبەستەش جگە لە دەستنیشانکردنی چەند شوێنێک بۆ جێبەجێکردنی پێژەکە، پارێزگاری هەولێر، سوپاسی ئەو هەنگاوەی کونسخانەی چینی کرد و کارەکەی بەرزنرخاند کە لە داهاتوودا دەبێت بە یادگار و دیاریێکی جوانی وڵاتی چین بۆ هەولێری پایتەخت، ئەو جگە لەوەی دروستکردنی ئەم پارکە دەبێت بە پاپشت و هاوکار بۆ ژینگەیێکی تەندروست و زیادکردنی پێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر.

پاشان کونسەی گشتیی وڵاتی چین، بە فەرمی پارێزگاری هەولێری بانگهێشتکرد بۆ سەردانیکردنی وڵاتی چین و پارێزگاکانی وڵاتەکەی و خواستی ئەوەی نیشاندا کە هەولێر پایتەخت ببێت بە دەستخوشکی یەکێک لە پارێزگاکانی وڵاتەکەی، لەلایەن خێیەوە پارێزگاری هەولێر داوەتکەی کونسەی چینی قەبوڵکرد و هیوای خواست لە نزیکترین دەرفەتدا بتوانرێت رێککەوتنی دەستە خوشکی هەولێری پایتەخت لەگەڵ یەکێک لە پارێزگاکانی وڵاتی چین واژووبکرێت.